# چۆڕانەوە

شوان عوسمان



فەزایەک لە هەناسە
هەناسەیەک بۆ فەزاکردنی رۆح
رۆح لە هەناسەبڕکێیەکی
یەکبینە دایە..
جەستەش لە پەلەقاژەی
بینە و بەردەی شەکەتیی
شتەکانی دیکە دایە ..
ئەی روحی شەکەت؛
ئەزانم قەدەرێکە ..
سەرمەستی فەزایەکی
لە مەستییێتی و
سەراسیمە و عەودالّی لەزەتێکی
لە ساتەکانی زەمەن و
لە قەدەر و شەکەتیش .. دابڕان
زەمەنیش لە خنکە خنکی رۆحدا،
بێباک و بێ ئەمەک ..
ئەی رۆحی عاشق بە لەزەت ،
تۆ لە چ زەمەنێکدا هاتی ،
کە هەموو بەهایەک خۆڕایە و
قاتی ..
تەمەنیش لە پێکی بادەی ،
بەردەم عاشقێکی سەرگەرم
دەچێت ..
ئەوەندە تامەزرۆی سەرگەرم بوونە ،
بە چەند قومێک لەزەتی دانەمرکێ و
یەکبینە لەگەڵ پێکیدا
لە شەڕ و بینەوبەردەدا دایە ..
تا دەستی لە ئۆخەیەک گیر دەبێ.

ئەی رۆحی شەیدا ،
شەیدا بوونت بە لەزەت
شەیدا بوونتە بە زەمەن
زەمەنیش ئیرادەیەکە ،
بۆ دەستەمۆکردنی قەدەر

هۆلەندا
مانگی ١ی ٢٠٠٧